# دواین کۆڵان لە ژوورەکەمدا

کارزان ڕەحمان

١
خۆم دەکوژم
بەڵام دەبێ لە نزمترین باڵەخانە
خۆم فڕێ دەم
تا زووتر بمرم!

٢
بریا وەک تەبەقەیەک
هێلکە
بە تەنیا
ژیابام!

٣
بەرد
بەرد
بەرد نا،
سێبەری دەجووڵێت!

٤
لە ژێر باراندا
کەپووم وەک بەلوعەی
لێ هاتبوو
خۆ غەڵەت نییە ئەم ڕستەیە؟!

٥
گوڵ...
باغ گوتوویەتی
منیش...
تۆ!





٦
نانەوایەک گوتی:
ئەگەر خوا جەستەی هەبووایە
هەموو نانەکانم
لە شێوەی ئەودا دروست دەکرد!


٧
شێتێک بەربووەوە
نەیدەزانی؛
کڵاوی لە پێ
کردووە!

٨
باڵندە ناخەمە نێو قەفەزەوە
بۆ ئەوەی هەر وا بزانێت
کە ئازادە!

٩
لە سەرەوە
چاوەڕێی کەس نیم
لە خوارەوە!

١٠
سبەینان
لە ژوورەکەم نا
دەمەوێ
لە دڵی هەموو کەسێکدا
ڕۆژ بکەمەوە!

١١
برنج و مەرەگە پێگەوە
شۆڕ دەکەمەوە
خوارێ
بەر لە نوقتە
بە ئەرک نەبێ دابەزین هەیە!



١٢
شەوان
مەڕەکان وێک دێنەوە؛
وەک سەموون
وەک ئارد؛
پەرش و بڵاو دەبن
بە ڕۆژیش... !

١٣
دڵ
عەینەن ئاوێنەیەکی شکاو
بە دیوارەوە؛
ئەدی دڵ!

١٤
دەنووسم
-- دەنووسم؟!
سینی لابە
دەنووم
-- دەنووم؟!
هەموو کردەیەک نووسینە!

١٥
دەنگێک لە بن قونم دا
هەڵبەز و دابەز دەکا؛
ئەلو!

هەولێر/ سەرەتای ساڵی ٢٠٠٨